# سەدام لەسێدارە درا، بەڵام کوشتارو ڕەنج و ئازاری خەلکی عیراق هەر بەردەوامە*

حەسەن رحمان پەناه



سەعات 6ی بەیانی رۆژی شەممە 30ی دیسەمبەری 2006، رۆژێك پێش سەری ساڵی تازەی زایینیو هەروەها رۆژی جەژنی قوربان سەدام حسێن دیکتاتۆری پێشووی عیراق لەسێدارە درا.

سەدامو حزبی بەعس بۆ ماوەی 30 ساڵ بە مشتی ئاسنی و دەستی پۆڵایی بەسەر عیراقدا فەرمانرواییان کرد، بەڵام لە هێرشی دووهەمی ئەمریکادا لە مارسی 2003 دوای کەمتر لە 20 رۆژ بەرگری، دەسەڵاتە ستەمکارەکەی بەهێنانە خوارەوەی پەیکەری دیکتاتۆر لە فولکەی فەردۆسی شاری بەغدای پایتەختی عیراق کۆتایی پێهات.

دوای دەستگیرکردنی ژمارەیەك لە بەرپرسانی بەعس، لە ڕۆژی 13ی دیسەمبەری 2003دا سەدام حسێن لە کۆنێکدا نزیك شوێنی لەدایکبوونی خۆی لە تکریت دەست بەسەر کرا و لە ڕۆژی 19ی ئوکتۆبەری 2005ی زایینی دادگای ئەو تاوانبارە و 8 کەس لە دەست و پەیوەندەکانی بە شێوەی نیوە ئاشکرا و نیوە نەهێنی دەستی پێکرد. هەر لە یەکەم ساتی دەستپێکردنی دادگاییەکە، سەدام و هاوبیرەکانی هەوڵیاندا دادگا بکەن بە شوێنی بۆچوونە سیاسییەکانی خۆیان و هەر لەوێوە دژایەتییان بە نیسبەت ئەمریکا و حکومەتە **دەست نیشانکراوی** ئەو دەردەبری. لە لایەکی ترەوە ئەو دادگا لە یەکەم رۆژی دەست پێکردنییەوە لە لایەن رێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ کەوتە بەر رەخنە کە بە دادگایەکی سیاسی و جیهەتدار کە لە لایەن بۆچوونێکی تایبەتەوە بەرێوە دەچێت و ئامانجی سەرەکی بەدیهێنانی پرۆژەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکە و عیراقدایە کە حەقانیەتی یاسایی ئەم دادگایە هەمیشە لەژێر پرسیاردا بوو، لەم پەیوەندەدا کوشتنی چەند پارێزە و شاهیدحاڵ بەلگەیەکی تر بوون بۆ ناسەقامگیری و تەئسیر دانان لە سەر رووداوەکانی ئەم مەحکەمەیە و دوا رۆژی. درەئەنجام پاش 13 مانگ دادگایی کردن، لە رۆژی 5ی نۆڤەمبەری 2006دا سەدام دیکتاتۆری پێشووی عیراقو زڕبراکەی بەناوی بارزان تکریتی بەرپرسی دەزگای ئاسایشی عیراق و عەواد بەندر بەرپرسی دادگای شۆرشی عیراق لەناو ئەو هەموو تاوانانەی کە ئەنجامیاندابوو، تەنیا بە تاوانی کوشتنی 148 کەس لە گوندی دووجەیل لەساڵی 1982 بە سزای لە سێدارەدان مەحکوم کران.

لە 26ی دیسەمبەری 2006دا ئەم بریارە لەلایەن دادگای باڵای عیراقەوە پشتڕاست کرایەوە و دوای رازی نەبوونی جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عیراق بۆ ئیمزای ئەو بریارە بەهۆی ئەوەی کە وەك پارێزەرێك بە پێی پرنسیپ دژ بەسزای ئیعدامە ، نوری مالیکی سەرۆك وەزیری عیراق بریارەکەی دادگای ئیمزا کرد و بەرەبەیانی شەممە 30 ی دیسەمبەر لە لایەن چەند کەس کە سەروچاویان دابەسترابوو ئەو بریارە جێبەجێکرا.

چۆنیەتی ژیانی سەدام حسێن لە منداڵێکی بێ باوکی کۆڵان کوت، هەتا لاوێکی سەرکەشی بێ دەماغی جادەکانی بەغدا و لەوێشەوە تا بەشداری کردن لە تیرۆری ناکامی سەرۆك کۆماری نەتەوەیی عیراق یەکسالّ دوای رووخانی حکومەتی پاشایەتی مەلیك فەیسەڵ لەساڵی 1959، کە هاوکات بوو لەگەڵ دەسەڵاتی جەمال عەبدولناسر لە میسر و دواتر حافز ئەسەد لە سوریا کە خۆیان لە بەرەی یەکێتی سۆڤییەتی ئەوکاتدا دەدیەوە و دژایەتییان لەگەڵ ئەمریکادا دەکرد، هەتا بەشداری لەو کودەتا **سەرنەکەتووە**کەی دژی عەبدولسەلام عارف لەساڵی 1963دا کە بوو بەهۆی دەستگیرکردنی و دواتر هەڵاتنی لە سجن و درەئەنجام بەشداری چالاکانە لە کودەتا دژی عەبدولڕەحمان عارف و رووخانی دەوڵەتەکەی عارف لەساڵی 1968 و گەیشتنی حزبی بەعس بە دەسەڵات بە رێبەری ئەحمەد حەسەن بەکر کە خزمی نزیکی سەدام بوو، هەنگاوێکی یەکەم بوو بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆری سەدام و حزبی بەعس لە عێراقدا.

سەدام لە ساڵی 1975ەوە بە عەمەلی دەسەڵاتداری عیراق بووە و بە **وەلانانی ئەحمەد** حەسەن بەکر لە کودەتایەکی ئارام لە ساڵی 1979ی زایینی دەسەڵاتی تەواوی بە لەناو بردنی نەیارانی خۆی بەدەستهێنا.

لەساڵی 1980ی زایینی شەڕی لەگەڵ ئێراندا دەست پێکرد و بە پڕوپاگەندە رێبەری دنیای عەرەب و وەرگرتنی باج و پارەی زۆر لە سە رکردە کانی وڵاتانی عەرەبی، توانی بۆ ماوەی 8 ساڵ هاوتا لەگەڵ کەللە ڕەقی خومەینی و رێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە شەڕیان بە بەرەکەتی خودا و هەلێك بۆ ناردنی بانگە وازی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ناوچەکە دەزانی، درێژە پێ بدەن و سەدان هەزار کەس لە هەر دوو لا بوونە قوربانی بۆچوونە کۆنەپەرەستانە و دژە مرۆڤیانەی ئەو دوو دیکتاتۆرە. بە هێرش کردنە سەر کوەیت کە پێشتر لە لایەن ئەمریکاوە **تیشکی سەوزی** پێدرابوو لەساڵی 1990ی زایینیدا وەدەرنانی لە کوەیت لەلایەن ئەمریکاوە بە زۆر نیزامی کە دوای رووخانی **بلوکی خۆرهەلات– دەیویست** رێبەری جیهان بگرێتە دەست و سەرکەوتنی سەرمایەداری نئولیبراڵ لە دونیادا جاڕلێبدا و ئیسباتی بێ دەسەڵاتی ئینسانی تێیدا بکات، هەتا خۆی ئامادە کردن بۆ پێکهێنانی بارودۆخەی شەڕ و میلیتاریزم لە دژی وڵاتی بێ دەسەڵات و رووخاوی عێراق کە پێشتر بەهۆی شەڕی یەکەمی خەلیجەوە بە تەواوی زەلیل کرابوو بە بیانووی چەکی ناوەکی و کۆمەڵکوژ لەلایەن بی ئەخلاقترین گروپی سەرمایە لە ئەمریکا وەك توندڕەوەکانی حزبی کۆماری خواز لە واشیگنتۆن کە هاوکات بوو لەگەڵ بارینی بەرەکەتی خوا لە 11ی سپتامبری 2001 بەسەر بوشی کوڕ و راگەیاندنی "میحوەری شەڕ" و میلیتاریزە کردنی دنیا، بە تایبەت خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە لەسەر ئاڵتونی رەشدا خەوتووە، هەتا سووکایەتی بە سەدام و گەڕان لەنێو ژووری نوستنی بە بیانووی بوونی چەکی میکروبی، لەلایەکی ترەوە کوژرانی 300 هەزار منداڵی عیراقی لە ساڵدا بەهۆی نەبوونی خۆراك و پاك و خاوێنی و دەرئەنجام هێرشی سەربازی دووهەم لە مانگی مارسی 2003دا و داگیرکردنی عیراق و کردنی ئەو وڵاتە بە پێگەی تیرۆریزم و سەرهەڵدانی ئیسلامییە توندڕەوەکان، هەتا لە سێدارەدانی سەدام لە 30ی دیسەمبەری 2006 رازێکی داپۆشراوە کە بە کوشتنی دیکتاتۆری عیراق زۆربەی ئەو راستییە مێژوویانە لەگەڵ ئەو دیکتاتۆرە بەخاك سپێردران.

بێ شك یەکێك لە سەرەکیترین هۆکاری نەسپاردنی سەدام لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بە دادگایەکی بێ لایەن و نێونەتەوەیی بەتایبەت لە دەرەوەی عیراق بەرگرتن بوو لە دەرکەوتنی راستییەکانی 30ساڵی رابردووی دیکتاتۆریەتی سەدام بەهۆی لایەنگری زلهێزەکانی ئەمپریالیستی و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا. لە مێژووی جینایەت و پاکتاوی رەگەزی سەدام لە عیراق و هەڵگیرسانی دوو شەڕی گەورە لە ناوچەکەدا، دەستی شاراوە و دیاری ئەمریکا، ئینگلستان، و وڵاتانی خۆرئاوا و عەرەبی بە روونی بوونیان هەبووە کە لە یەکەم رۆژەکانی دادگای سەدام هەوڵیان داوە لە سێدارەدانی زووتر جێبەجێ بکرێت تاکو بەشداری ئەو وڵاتانە لەو هەموو شەڕەنگێزییانەی دیکتاتۆری **عیراق شاراوە بمێنیتەوە. بە کوشتنی سەدام** بۆ هەمیشە بەستڕا و شەریکە موجریمەکانی لە واشنتۆن و لەندەن و ناوچەکە توانییان هەناسەیەکی ئاسوودە بکێشن.

مێژووی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی سەدام حسێنو حزبی بەعس، مێژووی 30 ساڵ کوشتن، کودەتا لە دوای کودەتا، کوشتنی بە کۆمەڵی ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی عیراق (حزبی شیوعی) کە گەورەترین حزبی کۆمۆنیستی ئەوکاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووە بە هۆی نەقشەی ڕێکخراوی CIA، سەرکوتی توندی چالاکانی سەندیکا کرێکارییەکان، کاولکردنی 5 هەزار گوندی کوردستان دوای هەرەس هێنانی جوڵانەوەی 1975 و ئاوارەبوونی چەند ملیۆن کورد لەو کاتەدا، کوشتنی شیعەکان لە دووجەیل لە ساڵی 1982، ئەنفالی 180000 کورد لەساڵی 1987 بۆ 1988، کوشتنی 5 هەزار مرۆڤی بێتاوان بەغازی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە لەماوەی چەند چرکەیەکدا، کوشتنی بێ بەزەییانەی شیعەکان دوای گەڕانەوەی لەشەڕی یەکەمی خەلیجو دروست کردنی دەیانو سەدان قەسابخانە لە ئەم لاولای عیراق لە باکوورەوە بۆ باشوور، بەشێکە لە مێژووی شەڕ و جینایەتی سەدام کە بە هاوکاری ئەمپریالیستەکان دژی خەڵکی عیراق و ناوچەکە کردوویەتی.

لەلایەکی ترەوە ئەم مێژووە، مێژووی سەرکوت کردنی ملیۆنها مرۆڤ لە پیلانگەلێکی سازماندراو و نەقشە بۆ داڕێژرابوو کە بە هۆی هاوکاری وڵاتانی زلهێزی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتەوە بۆ کێبەرکێی دژە مرۆڤی کە بەرهەمی شەڕی ساردی نێوانیان بوو بەڕێوە چوو. بڕیاری شومی جەزائیر لەلایەن سیاسەت داڕێژەری پیر کە بەڕیوی کۆشکی سپی ناسراوە (هنری کیسنجر) بوو بەهۆی ئاوارە بوونی چەندین ملیۆن کورد و کاولکردنی زیاتر لە 5 هەزار گوندی سەرسنووری ئەو ناوچەیە کە دواتر بوو بە ناوچەی سوتاو و هەروەها ریزی دوور و درێژی سەیارەی نەفەرهەڵگر و بارهەڵگری کوردەکان کە بۆ پاکتاوی رەگەزی و بەڕێوە بردنی جینۆسایدی بدناوی ئەنفال کە لە چاوی پرۆژکتورەکانی ئەمریکاو ئینگلیزەوە ون نەبوو، کوشتاری 8 هەزار بارزانی، هەروەها کوشتنی 5 هەزار مرۆڤ و کوژانەوەی شارێك لە 16ی مارسی 1988 لەچاوی سەتەلایتەکانو سیخوڕەکانی رۆژئاوا بەدوور نەمان. بەڵام بۆنی خۆشی نەوت ئەوکات، دونالد ڕامسفێڵدی کە بۆ **گرێبەستێکی** نەوت لەبەغدا بوو وەها سەرمەست کردبوو، کە لە لێدوانەکەیدا بێ ئاگایی خۆی لە کارەساتی هەلەبجە دەربڕی. تاوانبارێك کە دواتر وەك وەزیری بەرگری ئەمریکا لەشەڕی دووهەمی خەلیجدا باسی لە رزگاری عیراق دەکرد. ئاوارەبوونی چەند ملیۆن کورد لە سەرمای زستانی ساڵی 1991 بەدوای ئیزن وەرگرتن لە ئەمریکا بۆ رەوانەکردنی کوپتەرەکانی عیراق بۆ ناوچە کوردییەکانو هەروەها داگیرکردنی دووبارەی کەرکوك لەلایەن بەعسییەکانەوە بەچاوپۆشی بوشی باوك ممکین بوو، کە دواتر 15 ساڵ ناوچەی بێ حکومەتی کوردستانی بەدوا رۆژێکی نادیارو پڕ لە نیگەرانی و هەروەها بە جەماوەری ورە دابەزیو لێکەوتەوە کە چاو لە دست دەرگای ئەمریکا کرا کە دەبێت ئاوڕیان لێبداتەوە،.

## "پەلەکردن لە جێبەجێکردنی بڕیاری دادگاو دیاریکردنی رۆژی لەسێدارەدان"

چارەنووسی سەدامو دەستو پەیوەندەکانی تەنیا چارەنووسی جەماعەتێك پیاوکوژ و زاڵم نییە کە بە کوشتنی ئەوان دڵە سوتاوەکان، ساڕێژو رقو قینیان تەواو بێت، بەڵکو لە لایەکەوە چارەنووسی وڵاتێکە کە لە 30ساڵی رابردوودا بەهاوکاری و تەبانی لە گەڵ دەسەلاتدارانی دونیا و **بەکرێ گیراوەکانیان** لەناوچەکە و عێراق گرێی خواردوە کە چارەنووسی ئێستا و داهاتووی خەڵکی زۆر لێکراوی ئەم وڵاتە و تەنانەت هەموو ناوچەکەیان بەرەو پاشەرۆژێکی لێڵ و نادیار بردووە. هەر بۆیە کاردانەوە جۆراوجۆرەکان سەبارەت بە لەسێدارەدانی سەدام لەکاردانەوەی رووخانی سەدامو دەستگیرکردنی لەناوچەکەو لە جیهانیشدا زیاتر بوو. بێجگە لەناوچە شیعەکان، ئەویش بەشی تەندرەو و ئاژاوەگێڕیان کە بەردەوام بۆ شەڕ و شوڕ و دووبەرەکی هەوڵ دەدەن، کاردانەوەی جەماوەری بەنیسبەت ئیعدامی سەدام پرسیار لە هوکاری پەلەی لەسێدارەدانی دیکتاتوری پێشووی عێراق لە گەل نیگەرانی بوو.

ئەم نیگەرانییە بەهۆی ئیعدامی ئەو دیکتاتۆرە و یاخود چۆنییەتی کوشتنی سەدام کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤەوە بەتوندی ڕەخنەی لێگیرا و بە نمایشی وەحشیگەری و بەربەریەت وسفکرا نەبوو، بەڵکو ترس لە پەرەسەندنی کوشتنو ڕێکەوتنی زیاتری لافاوی خوێن لەنێو دەمارە گیراوەکانی وڵاتی عیراقدا بوو. لەساڵی 1958ەوە کە حکومەتی پاشایەتی لەم وڵاتەدا رووخا، خەڵکی عیراق پێنج کودەتا و تەرمی 5 کەس لە سەرۆکانی ئەو وڵاتەیان لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە بینیوە، کە ئاکامەکەی گلاندنی خەڵکی ئەم وڵاتە بووە لە شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆیی و دەرەکیدا. بەڵام کوشتنی دیکتاتۆری پێشووی عیراق لەکاتێکدا روویدا کە سەدام زیاتر لە 3 ساڵە لەزیندانە و ماوەی یەك ساڵە لە وڵاتێکدا محکمە کرا کە ئەم ماوەیە لەلایەن ئەمریکاوە داگیر کراوە و یاسای داگیرکردن بەسەریدا سەپاوە.

دیاری کردنی ئەخیر ڕۆژی ساڵی 2006زایینی بۆ لەسێدارەدانی سەدام لە لایەکەوە بەهۆی سەرقاڵی وڵاتانی ئەوروپیو ئەمریکیو کەنداو بەشێکی گەورە لە دونیا بووە کە خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ڕێ و ڕەسمەکانی سەری ساڵی تازە کە ئەمە بۆتە هۆی کەم ئاگابوونیان سەبارەت بە ئەو بڕیارە و چۆنییەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکە و هەروەها **کاردانەوەکەی، وە** لەلایەکی دیکەوە دانانی ڕۆژی ئایینی جەژنی قوربان دەوترێت لە سێدارەدانی سەدام لەم ڕۆژەدا لە سەر پێشنیاری سەدر کە **رابەرێکی ئایینی لاوی شیعەی توندڕەو و** بەرپرسی سوپای بەدرە کە زۆربەی شەر و خوێن رشتنەکانی ئێستای ناوچە سوننەکان لەلایەن ئەوانەوە ئەنجام دەدرێت، خەڵاتێك لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عیراق بۆ نەیارە شیعەکانی و هەروەها گورزێك دەبێت بۆ سەر سوننەکان لە ئێستا و داهاتووی عیراقدا. بەڵام لەڕاستیدا ئەم بڕیارە دەتوانێت هۆکارێك بێت بۆ گەشانەوەی زیاتری شەڕی فیرقەیی لەم وڵاتە. ڕوویەکی تری بڕیاری کوشتنی سەدام نەقشە و پلانی ئەمریکایە بوو بۆ ناوچەکە و بەتایبەت عیراق کە لە پێشنیارەکەی بیکەر – هامڵتۆندا کە بە مەبەستی پاشەکشەی "ئابڕو مەندانەی" هێزەکانی ئەمەریکایی لە باتلاقی عیراق داریژراوە و هەروەها لە وتەکانی جۆرج بوشیشدا بە روونی دەبیندرێت کە ئەمریکا دەیەوێت سەهمی زیاتر بە سوننەکان لە دابەش کردنی دەسەڵات لە بەغداد ببەخشیت کە جێگا و شوێنێکی زیاتر بۆ لایەنگرانی حزبی بەعسیش لەبەرچاو گیراوە. ئەم بەشە لەڕاستیدا بەشی وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکەیە لە بەرامبەر پەرەسەندنی دەسەڵاتی شیعەکانی حاکمی ئێران لە عیراقدا، بەڵام بێگومان پەلەکردن  لەسێدارەدانی سەدام ئەم سیاسەتە تووشی گرفتو ئاڵۆزی زۆر جیدی دەکات.

بەهەر حاڵ پڕوژەکانی پشتی پەردە هەرچی بێت، پڕۆژی گەرمکردنی تەنووری شەڕی لەنێوان شیعەو سوننەدا بۆ بەرگری لە دروست بوونی هیلالیکی ئیسلامی شیعە لە ناوچەکەدا بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە ناوەندەکەی تاران بێت، لەچاوی سیاسەت داڕێژانی ئەمریکی شاراوە نییە.

سەرەنجام دەبێت بوترێت دیکتاتۆری عیراق بێ بەشداری جەماوەر و قوربانییانی 3 دەیە تاوانکاری درایە دادگاو بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا سەپا کە ئەوە گەورەترین کەلێنی ئەم مەحکەمەیە بوو. بەڵام بێگومان بە ئیعدام دیکتاتۆر، نە دیکتاتۆری لە عیراقدا تەواو بووەو نە شەڕو کوشتن لەم جەهەنەمەدا کە بەرهەمی سیاسەتە فراوان خوازییەکانی ئەمریکاو هاوکارانییەتی کۆتایی پێ دێت. عیراقیك کە بڕیار بوو ببێت بە ناوەندی دیموکراسیو پەرەپێدانی ئابووری لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا،  ئەمڕۆ بۆتە ناوەندی ڕاهێنانی گروپی تیرۆریستیو توندڕەوە ئیسلامییەکان.

ئێستا و جارێکی تر دەبێت پێ لەم ڕاستیە بنێین کە تۆوی حەرامی ئەلقاعیدە و توندەڕەوەکانی ئیسلامی کە **لە سپێرمی** پیسی ئەژدیهای هەزارسەری نئولیبرالیزم لە ناو مناڵدانی سەرەتان لێدراوی بلوکی ڕۆژهەڵات لە ئەفغانستاندا چیندرا تا لە حیاتی بەرگری لە بڵاو بوونەوەی"ویروسی کۆمۆنیزم" ئیدزی زەبرو وەحشیگەری بونیاتگەرای ئیسلامی پەرە پێبدەن،

بایەك كە سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریكا لە ئەفغانستان هەڵیانكرد و چندیان، لە 11 سپتەمبەر 2001دا خەڵكی ئەمریكا لە شاری نیۆیۆرك بە 3 هەزار قوربانی لە گەردەلوول بۆ سەر بورجەكانی لفەودوانەی "رێكخراوی بازرگانی جیهانی" بەرهەمەكەیان چنیەوە و ئێستا خەڵكی عیراقو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو تەواوی جیهان رۆژانە ئەو دووكەڵ و ئاگری كە تێكەڵاوە لەگەڵ خوێنە، بە سەدان قوربانی هەڵی دەمژن. لە ئەوەها گاڵتەجارێكدا بەرگری لە مافی مرۆڤ و ئازادی، دادگاییكردنی دیكتاتۆر بەتاوانی "جینایەت لە دژی مروڤایەتی" كەرنەواڵێكی پێكەنینییە كە ئەكتەرەكانی خۆیان گەورەترین تاوانبارانی دژە مرۆڤن.

دەوڵەتێك كە بە زۆرو زوڵم و بێ بەشداری جەماوەر دروست ببێت، شوێنە هێمنەكی زیندانەكانە و ئەشكەنجەو لەسێدارەدانو داری سرمیچەكەی ئیسقانی وردبووی قوربانییەكانییەتی.

ئەم مێژووە تراژیدیای ژیانی خەڵكی عیراقە كە لەدوای رووخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پاش شەڕی یەكەمی جیهانی و بەزۆر پێكەوە لكاندنی لە سەر خواستی زلهێزەكان تا بە ئەمرۆ و لە سەردەمی داگیر كردنیشدا هەروا درێژەی هەیە. ئێستا تەبدیل بونی عیراق بە ولاتێكی سەقامگیری یەكگرتوو لە سەر رەئی و ئیرادەی ئازادانەی جەماوەر مومكین نیە. بەلام جیابونەوە و دروست بوونی سێ دەوڵەتی جیاواز بە دوور لە بەرژەوەندیەكانی ولاتانی زلهێز و گروپە شەڕخوازەكان و دەسەلاتدارانی رێگای كۆتایی هێنان بەم موسیبەتانەی ئێستای ئەم ولاتەیە. ئەم كورتاجە پڕ ئێشو ئازارە كە تێكەلاوە لەگەڵ خوێن، خەڵكی عیراق دەبێت تەحەمولی بكەن. دنیای هوشیاریو شارستانی نابێت ئەم خەڵكە ستەم لێكراوە لەبیر بكەن، چونكە مێژوو هەرگیز نامان بەخشێت.

**لە فارسییەوە: كاوان عومەر**

*ئەم بابەتە لە ژمارە 337ی رۆژنامەی ئاسو رصكەوتی پصنجشەممە 2007/1/11 بلاو كراوەتەوە